گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# سیستەمی ئابووری ناحیەی تەق تەق

## توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیی مەیدانییە

**م. ئالان صلاح سعدی**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
alan.salah@koyauniversity.org

**پ.ی.د. نوری یاسین هەرزانی**
وزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، هەرێمی کوردستان- عیراق
noori.harzani@gmail.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٩/١٤
پەسەندکردن: ٢٠٢١/١٠/٢١
بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان:**
*Anthropology, Social structure, Economic system, Culture, Social system.*

Doi: 10.25212/lfu.qzj.7.1.13

**پوختە**

سیستەمی ئابووری ئاماژە بۆ ئەو ڕێوشوێن وپلانە ڕێکخراوانە دەکات، کە مەبەستی پرۆسەی بەرهەمهێنان وخزمەتگوزاری و دابەشکردن و بەکارهێنانە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا. سیستەمی ئابووری بەشێکە لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی بنیادی کۆمەڵایەتیدا. ئەم بوارە لایەنێکی سەرەکی ئەنترۆپۆلۆژیایی کۆمەڵایەتییە. ناحیەی تەق تەق ئابوورییەکی فرەڕەهەند وگشتگیری هەیە، بە هۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەیەوە، هەموو چالاکییە ئابووریەکان دەگرێتەوەو کاریگەری بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە: دەرخستنی شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای تەق تەق و ئاشکراکردنی ئەو گۆڕانە ئابوورییەی کە لەبنیادی کۆمەڵگایەکەدا ڕویداوە، لەگەڵ خستنەڕوی کێشەو گیروگرفتەکانی سیستەمی ئابووری کۆمەڵگاکە. ئەم بابەتە توێژینەوەیەکی چۆنایەتیی ئەنترۆپۆلۆژییە، کە لە ناوەندی ناحییەی تەق تەق ئەنجامدراوە، بە پەیڕەوکردنی میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژی مەیدانی بە پشتبەستن بە تیۆری بنیادی ئەرکگەرایی، بە بەکارهێنای ئامرازو کەرستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری وەك: شێوازی تێبینیکردن و سەرەنجدان و بەشداریکردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕاستەوخۆ لە مەیدانی توێژینەوە، چاوپێکەوتن ، هەواڵدەر، بەڵگەنامەو داتاو تۆمارو زانیارییە فەرمیەکان. لەئەنجامی سەرنج و تێبینیەکانی توێژەران لە سیستەمی ئابووری لە کۆمەڵگای توێژینەوە گەیشتین بە و ئەنجامەی؛ کە زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکە ئارەزوی کاری میری لە دامەزراوە فەرمیەکان دەکەن، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی دانەمەزراندن و قەیرانی دارایی، خەڵکەکە ڕویانکرۆتە بازرگانی و کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ماسی بەشێوەیەکی سەرەکی، بوونی زێی بچوك بۆتەهۆی گرنگیدان و بوژنەوەی کەرتی گەشتیاری لە ناوچەکە، هەروەها کەمبونەوەی ڕێژەی نەوت کە ڕۆژانە (148000) بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنرا، بەڵام لە ئیستادا ئەو ڕێژەیە بۆ نزیکەی (5000) بەرمیل لە ڕۆژیکدا کەم بۆتەوە، هەموو ئەو بوارە ئابوورییانە بۆتە هۆکارێك بۆ گۆڕانی بارودۆخی سیستەمی ئابووری و گۆڕانی شێوازی خێزان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا.

## پێشەکی:

سیستەمی ئابووری بنچینەی ماددی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا و فاکتەری دیاریکەری پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانە، کۆمەڵێك یاساو داب و نەریت دەگرێتەوە، کە لە ڕێگای ئەمانەوە سەرچاوە ئابوورییە دەگمەنەکان لە پێناو دابینکردنی پێداویستیەکانی تاکدا بە شێوەیەکی ئەقلانی بەکاردێت . یان کۆمەڵێك دامەزراوە و دەزگای تایبەتن بە بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەکاربردن لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا، ئەرکی ئەم سیستەمە چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییەکانە کە خۆی لە کەمی و دەگمەنی سەرچاوە ئابووریەکان و زۆری و جۆراوجۆری پێداویستەکان دەبینێتەوە. ئەم سیستەمە کەسەکان و دامەزراوەکان و پەیوەندی نێوانیان و پەیوەندییان لەگەڵ شێوازی بەرهەم هێنان و خاوەنداریەتی و دابەششکردنی کار بەپێی ڕەگەز و تەمەن و پیشە و پێگەی کۆمەڵایەتی و هەموو ئەمانە دەگەرێتەوە ، پەیوەندیی کۆی هەموو ئەمانە بە ڕەفتاری ئابوورییەوە یەکێکە لە بابەتە جێی بایەخەکانی ئەنترۆپۆلۆژیا. بۆیە زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیی لە توێژینەوەکانیاندا سەبارەت بە سیستەمی ئابووری بە شێوەیەکی دابڕاو یاخود سەربەخۆ لە سیستەمی کۆمەڵایەتیی گشتی سەیری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناکەن، بەڵکو واسەیری دەکەن بەشێکی دانەبڕاوە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیی و بەشێوەیەکی توندوتۆل لە تۆڕی پەیوەندییەکاندا لەسەر بنەمای کارتێکردنی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ تەواوی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی تردا پێکەوە بەستراونەتەوە، واتە گرنگی بەو ئاسەوار و کاریگەرییانە دەدەن کە ئەم سیستەمە لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی دیالێکتیکدا لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتیی گشتی جێی دەهێڵێت، بەتایبەت ئەو شتانەی پەیوەندی بە لایەنە شارستانی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگاوە هەیە. بۆیە ئیکۆلۆژیای نا حیەی تەق تەق و شوێنی جوگرافی و کەش و هەواو و هەبوونی سەرچاوی سروشتی و تۆپۆگرافیای زەوی و پەیوەندی هەرێمەکە بە دەورو بەرو ڕێگاکانی هاتووچۆی نێوان گروپە مرۆییەکان ڕۆلیان لە سیستەمی ئابووری کۆمەلگایەکە بینوە، بەشێکی زۆری چالاکییەکانی مرۆڤ پشت بەم بارە جوگرافییە دەبەستێت.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە باس کردنی شێوازی ژیانی کۆمەڵگای تەق تەق دەبینێتەوە وەکو بابەتێکی زانستی ئەنترۆپۆلۆژی، کە کۆمەڵگایەکی دێرینەو خاوەن کولتووری خۆیەتی، کە تاوەکو ئێستا هیچ جۆرە توێژینەوەیەکی زانستی لەم بوارە تیایدا ئەنجام نەدراوە، ئەمەش بوە هۆی پاڵنەرێك بۆ تویژینەوەی زانستی لەم کۆمەڵگایە ئەنجام بدەین.

گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەش برتیین لە:

1. زانینی شێوازی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای تەق تەق.
2. ئاشکراکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە بواری سیستەمی ئابووری بنیادی کۆمەڵگایەکە ڕویداوە.
3. خستنەڕوی کێشەو گیروگرفتەکانی سیستەمی ئابووری کۆمەڵگایەکە.

لەم توێژینەوەش سود لە میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژیی مەیدانی وەرگیراوە، پشتبەست بە تیۆری بنیادی ئەرکگەرایی، بە بەکارهێنای ئامرازو کەرستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری وەك، شێوازی سەرنجدانی ڕاستەو خۆ و بە هاوبەشی، چاوپێکەوتن ،هەوالدەر، بەڵگەنامە زانیاری و تۆمارە فەرمیەکان.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و هەشت تەوەرە پێکهاتووە (سیستەمی ئابووری ، خاوەنداریەتی زەوی، کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، چالاکی پیشەسازی و پیشەی دەستی، کارکردنی فەرمانبەران لە دامودەزگا و فەرمانگەکان، بازرگانی، گەشتوگوزارو شوێنەوارەکان. لە کۆتاییشدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژەر لەبەر ڕۆشـنایی ئەو ئەنجامانەی کە لە توێژینەوەکەدا بەدەسـتیهێناون، کۆمەڵێك ڕاسـپاردە و پێشنیاری خستۆتەڕوو.

**یەکەم: سیستەمی ئابووری :**

سـیسـتەمی ئابووریی لەسـەر ئاسـتی هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکان و لە چوارچێوەی قۆناغە مێژوییە جیاوازەکانیشدا گرنگییەکی ئاشکریان هەیە، لەلای هەندێك لە توێژەران ئەم جەختکردنەوەیە لەسەر گرنگی ئابووری لە ئاستێکدایە کە پلەی یەکەم ببخشـێتە ئابووری لەسـەر ئاسـتی هەموو سـیسـتەمە کۆمەڵایەتییەکان وەکو توخمێکی ماددی کولتووری، چونکە کاریگەرییەکی بەرفراوانی لەسـەر ژیانی کۆمەڵگاکان هەیە و بەشـێوەیەکی قووڵ دەسـت لەهەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی وەردەدات، یان بەواتەیەکیتر توێژینەوەیەکی فراوانە بۆ ئەو چالاکی و کردە مرۆییە جیاوازانەی کە ئاماژە بۆ سـود وەرگرتن لە سـەرچاوەکانی سـامان و بەکارهێنانیان دەکات، بەشـێوەیەك کە پێداویسـتییە مرۆییـەکـان تێربکـات (الغزوی،2020: 190). کـەواتـە سـیسـتـەمی ئـابووری جییـاناکریتـەوە لـە سـیسـتـەمەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتیی، بەڵکو کار لە یەکتری دەکەن و بەیەکەوە بەسـتراون، هەرگۆڕانێك لە لایەنێك لە لایەنەکانی سـیسـتـەمەکانی ئابووری ڕوبدات لایەنەکانی تر دەگرێتەوە و ئەویش کاردەکاتە سـەر سـیسـتـەمەکانی ترو ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا دەگۆڕێت (النوری ،11:1989). ئەم تێڕوانینە لە گۆشەنیگای ئەو بۆچونەیە کە ئەنترۆپۆلۆژیستەکان بۆ کۆمەڵگا هەیانە ، وەك یەکەیەکی تەواوکەر لە سـیسـتەمداو هیچ کۆمەڵگایەك نییە سـیسـتەمە سـەرەکییەکانی تێدا نەبێت، کە بوونی ئەم سـیسـتـەمانە پێویسـتییەکن ناکرێت فەرامۆش بکرێن، چونکە بوون و بەردەوامبونی بەو سیستەمە سەرەکییانەوە بەستراوەتەوە. بە واتایەکی تر هەرەوەزی و پەیوەندی لە نێوان ئەم سـیسـتەمانەدا ڕاسـتییەکە ناتوانرێت پشـتگوێ بخرێت و هەرگۆڕانکارییەك لە سـیسـتەمە سەرەکییەکانی کۆمەڵگادا ڕوبدات، بێگومان ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر تەواوی سیستەمەکانی تر دەبێت، کاتێك کۆمەڵگا لە سیستەمی ئابووریدا دوچاری شڵەقان دەبێت ئەوا بێگومان ڕەنگدانەوەی لەسـەر لایەنەکانی تری ژیان دەبێت، وەك و ئەوەی دیاردەی کۆمەڵایەتیی نوێ سـەرهەڵدەدات و گیروگرفتە کۆمەڵاییتییەکان دەردەکەون کە هەرەشـەن بۆ سـەر تەواوی سـیسـتەمەکە وەك دیاردەی بێکاری، دزیکردن، توندوتیژی، کۆچکردن...هتد. لێرەدا (ڕیمون فێرس )جەخت لەسـەر ئەوە دەکاتەوە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتێك دەڵێت؛ کولتووری ماددی پاڵنەری ســـەرەکیە بۆ چالاکییە ئابوورییەکان لە کۆمەڵگا نەریت پارێزەکاندا، کە بریتییە لە بەدیهێنان و تێرکردنی پێداویستییە ماددیەکان، بەڵام ئامانج لەم چالاکییانە بەتەنها تێرکردنی پێداویســـتییە ماددییەکان نییە، بەڵکو تێرکردنی هەندێك لە پێداویســـتییە نامادديەکانیشـــە، بۆ نموونە هەندێك لە تاکەکانی کۆمەڵگا نەریت پارێزەکان هەوڵدەدەن بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین بڕی خواردن یان ســـامانی ئاژەڵ، ئەویش بەمەبەســـتی بەناوبانگ یاخود نازناو یان دەسەڵات و شانازی کردن (Firth,1960: 75). بۆیە ژیانی کۆمەڵایەتی هەموو ئەو ڕێگاو ڕێبازانە دەگریتەوە کە تاك یان کۆمەڵ دەیانگرنەبەر بۆ دابینکردن و ڕێکخستنکی ژیان و گوزەرانیان، ئەوانەش لە ســـەردەمێکەوە بۆ ســـەردەمێکی تر جیاوازیان هەیە، لە ســـەرەتاوە ســـاکارو ئاســـان و بێ گرێوگۆڵ بوون، وردە وردە پەرەیانسەندووە و قورس و گرانبوون، لەسەرەتاوە تاکەکەس لەگەڵ کۆمەڵگایەکەدا لە ســـنورێکی دیاریکراودا توانیویانە هەموو پێداویســـتیەکانی ژیانیان دەســـتەبەر بکەن، بەڵام دواتر ژمارەی دانیشـــتوان زیادی کردووەو پێویســـتیان زۆربوون و کارەکان قورس و گران بوون، ئیتر وای پێویســـتکردووە هەر تاکێك کارێك ئەنجام بدات، بەو جۆرە پرۆســـەی دابەشـــکردنی کار پەیدا بووە، کۆمەڵگاکان و نەتەوەکان و گەلەکان لە ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە جیاوازیان هەیە، هەندێکیان ڕاوچین و هەندێکیشـــیان جوتیارو هەندێکی تریان پیشـــەســـاز و بازرگانن، هەندێکیشـــیان لەوانیتر پێشـــکەوتوترن. (حمەصـــالح، 2006: 18). بەم دوایەش پەرەیســـەند، کە ئامێر شـــوێنی کاری دەســـتی گرتەوە ئینجا کودەتای پیشـــەســـازی و ئەو ئەنجامە دورانە ڕوویاندا، تەواوی ســـیســـتەمی کۆمەلایەتیی گرتەوە، ئەو قۆناغەش بەپێی سەردەمە مێژوویەکانی ژیانی مرۆڤایەتی هەمیشە لە گۆڕاندابووە (ابو زید،1979: 112). ژیانی ئابووری کۆمەڵگای توێژینەوە لەســـەر چەند جموجۆڵێك و چالاکییەکی ئابووری وەك ( خاوەنداریەتی زەوی، کشـــتوکاڵ، ئاژەڵداری، پیشـــەســـازی، بازرگانی، گەشـــتوگوزار، فەرمانبەران) دامەزراوە.

**دووەم: خاوەنداریەتی زەوی**

توێژینەوە لە بەکارهێنانەکانی زەوی گرنگییەکی زۆری لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەیە، چونکە زەوی ســـەرچاوەی ســـەرەکی بژێوە، بۆیە زۆر لە وڵاتانی جیهان بە شـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەوڵیانداوە کاربکەن، لە پێناوی ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان هەڵسوکەوتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مرۆڤ و ڕێگای بەکارهێنانەکانی زەوی هەیە. توێژینەوەکانی ئەنترۆپۆلۆژیی گرنگی بەسیستەمی خاوەنداریەتی زەوی و زار (موڵکداری و دەسەڵاتداری ) لەناو کۆمەڵگەکاندا دەدەن، کە کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی وئابووری هەیە، هەروەها کاریگەریان لەسەر سیستەمەکانی تری کۆمەڵگاشدا هەیە. لەلایەن مرۆڤەوە گرنگی زەوی و زار لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازی هەیە، لەلای کۆمەڵگا جێگیرەکان گرنگی زەوی وزار جۆراوجۆرە، بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی ڕەوەندی کۆچەری ناجێگیر، لە کۆمەڵگەی یەکەمدا گرنگی گەورەو زۆر بەزەوی دەدرێت، بە فاکتەرێکی بنچینەی بۆ جێگیربوونی مرۆڤ لە ناوچەیەکی دیاریکراودا دادەنرێت، سەرچاوەیەکی بنەڕەتی دابینکردنی داهاتەکانی خۆراکی پێویست و شوێنی نیشتەجێبوونە، لەلای زۆر لە کۆمەڵگەکانی مرۆیی خاوەنداریەتی زەوی بە هایەکی کۆمەڵایەتی هەیە، ڕێزو پلەوپایەکی کۆمەلایەتی جیاواز لە تاکەکانی تر لە خاوەن زەوی وزار دەگیرێت (ابوزید،1979: 129).

خاوەنداریەتی زەوی بەپێی یاسایی زەوی وزاری سەردەمی عوسمانی لە ساڵی (1858)کە لە دەستوری عوسمانی دیاریکراوە و دابەش بووە بۆ چوار جۆرە زەوی (موڵك، میری، وەقف، مەتروکە)، بەڵام دوای گۆڕانکارییەکانی یاسای چاکسازی کشتوکاڵ لە ساڵی (1958) لە عیراق دەرچوو، گۆڕانکاری تەواو لە خاوەنداریەتی زەوی ڕویدا و یاساکانی تر زەوی هەڵوەشایەوە (هەرزانی،2007: 143).

سیستەمی خاوەنداریەتی زەوی ، لە کۆمەڵگای توێژینەوە سێ جۆرە (موڵکایەتی )تیا بەدی دەکرێت، بەشێك لەزەوی و زاری موڵکداری گشتییە، کەتێکڕای دەوڵەت خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم جۆرە موڵکدارییە، وەك (چەم و شاخ و لەوەڕگا گشتییەکان)، بەشێکی تری زەوی و زار موڵکداری تایبەتە، بەجۆرێك هەموو خێزانێك و کەسێك توانای هەبووە ببێت بە خاوەن موڵك، جگە لەوانەش مولکداری تێکڵ، کە لە لایەن دەسەڵاتداران و بێ دەسەلاتان، وەك و خاوەنداریەتی زەوی لەلایەن ئاغا کە زیاتر لە گوندێکی هەبووە، بۆیەکەسێك بە وەکالەتی خۆی لە گوندەکەی تر دادەنێت بۆ ئەوەی چاودێری موڵك و ماڵ و بەرژەوەندییەکانی بکات، بەم کەسەش دەڵێن (کوێخا)، یاخود زۆربەی جار زەوی زارەکان بەکرێ بە نیوەیی دەدرانە ئەو چینەی دیکەی کۆمەڵگا کە پێی دەگوترا (رەعیە یان مسکێن)، بەوشێوەی نیوە یاخود وەك سەرکار کاریان تێدا دەکرد. یاخود بە شێوەی (مساطحە) لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەت ڕێکەوتن بۆ ماوەی چەند ساڵێك دەکرێت، ، بەمشێوەیە خاوەنداریەتی زەوی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڕێوەچووە. لێرەدا بە پێویستی دەزانین بەکارهێنانەکانی زەوی لە کۆمەڵگای توێژینەوە بخەینە بەرچاو لە ڕوی جۆرو ڕێژەو شوێن و گرنگیان، تا بەو هۆیەوە زیاتر لە پێکهاتەکەی شارەکە تێبگەین، خاوەنداریەتی زەوی میری و تایبەت بەشێوەی (بەراو ،پشتاو،ڕەز، پاوان، دارستان،بەردی، خانوبەرە) دابەشکراوە وەك لە خشتەی ژمارە (1 )دا هاتووە ( بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کۆیە، فەرمانگەی،تەق تەق، ڕوبەری زەوی و زار ،زانیاری بڵاونەکراوە(2020)).

## سێیەم: کشتوکاڵ

کەرتی کشتوکاڵ وەك و کەرتێکی گرنگ لە نێو چالاکییە ئابوورییەکاندا بە سەرەکترین بونیادی ئابووری لەکۆمەڵگای توێژینەوە دادەنرێت. چونکە بەکاربردنی خۆراك بۆ زۆرینەی دانیشتوان دابیندەکات وێڕای دابینکردنی پێداویستییەکانی کەرتی پیشەسازیش کە پشت بەکەرستەی خاوی کشتوکاڵی دەبەستن، جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆری دەستی کارگەری ناحیەکە لە خۆ دەگرێت و داهاتێکی بەرچاویش بۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکەکەی پێکدێنێت.

خشتەی ژمارە(1): ڕوبەری زەوی خاوەنداریەتی میری و تایبەت (بە دۆنم)

| ز | ناوی گوندو ژمارەی کەرت | ژ.کەرت | زەوی میری | | | زەوی تایبەت | | | پاوان | دارستان | بەردای | خانوبەرە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بەراو | ڕەز | پشتاو | بەراو | ڕەز | پشت او | | | | |
| 1 | تەق تەق/1 | 1 | 1148 | 80 | 349 | 115 | 13 | 149 | 502 | 42 0 | 100 | 11 00 |
| 2 | گەرموك/2 | 2 | 385 | 133 | 584 | 25 | 0 | 0 | 1570 | 0 | 425 8 | 13 |
| 3 | تالەبانی گەورە/3 | 3 | 30 | 0 | 1571 | 0 | 0 | 0 | 5069 | 0 | 500 | 85 |
| 4 | کونە گورگ/36 | 36 | 17 | 0 | 598 | 0 | 0 | 0 | 1098 | 0 | 512 6 | 25 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 5 | تالەبانی بچووك/22 | 32 | 2 | 2 | 1433 | 0 | 0 | 0 | 2510 | 0 | 500 | 38 |
| 6 | ئیلنجاغی بچوك/31 | 31 | 78 | 0 | 1219 | 0 | 0 | 0 | 2600 | 0 | 322 | 42 |
| 7 | ئیلنجاغی گەورە/30 | 30 | 995 | 4 | 3074 | 0 | 0 | 0 | 5200 | 0 | 1279 | 703 |
| 8 | شیواشۆك/ 33 | 33 | 282 | 0 | 2803 | 0 | 0 | 0 | 5000 | 0 | 1398 | 89 |
| 9 | چۆم حەیدەر/38 | 38 | 124 | 44 | 317 | 0 | 0 | 0 | 600 | 0 | 166 | 39 |
| 10 | باغەجنێر/37 | 37 | 211 | 5 | 2437 | 0 | 0 | 0 | 6600 | 0 | 1530 | 52 |
| 11 | مخرس/39 | 39 | 254 | 46 | 463 | 0 | 0 | 0 | 2040 | 0 | 452 | 48 |
| 12 | گرمك ساتوقەلا/40 | 40 | 46 | 4 | 274 | 0 | 0 | 0 | 3000 | 0 | 443 | 32 |
| 13 | مەلا زیاد/41 | 41 | 35 | 0 | 0 | 154 | 28 | 65 | 722 | 0 | 200 | 42 |
| 14 | ساتوقەلا كارێز/42 | 42 | 152 | 10 | 833 | 0 | 0 | 0 | 700 | 0 | 60 | 45 |
| 15 | كانی ڕەش/35 | 35 | 247 | 8 | 0 | 0 | 0 | 2442 | 1249 | 60 | 500 | 50 |
| 16 | شیوەجان/45 | 45 | 23 | 0 | 983 | 0 | 0 | 0 | 4000 | 10 | 347 | 30 |
| 17 | تەكەلتو/46 | 46 | 82 | 7 | 1156 | 0 | 0 | 0 | 1900 | 0 | 358 | 15 |
| 18 | ناصراغا/47 | 47 | 0 | 0 | 236 | 17 | 0 | 1548 | 3000 | 0 | 330 | 35 |

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 19 | قورەبەرازەی گەورە48 | 48 | 0 | 0 | 0 | 9 | 0 | 688 | 700 | 0 | 123 | 28 |
| 20 | قورەبەرازەی بچووك67 | 67 | 17 | 0 | 863 | 0 | 0 | 0 | 1320 | 0 | 300 | 10 |
| 21 | كانی لەلە/4 | 4 | 1184 | 62 | 1138 | 123 | 0 | 135 | 5774 | 0 | 1600 | 85 |

کەواتە دەکرێت بڵێین کشـــتوکاڵ ئەو ڕێگایەیە کە کێڵگەکان ڕادەهێنرێن بۆ چاندنی دانەوێڵە و بەخێوکردنی ئاژەڵ، دەتوانین بڵێین کشـتوکاڵ بە واتای بایەخدان بە زەوی دێت، بەڵام لەسـەردەمانی ئەمرۆدا ئەم زاراوەیە لەم چوارچێوە تەسـکەدا نەماوە، گۆڕانێکی زۆری بەســەرداهاتووە، چونکە کشـتوکاڵ بەردەوام لەبەرەوپێشـچوون و گۆڕان دایە، تەنها کاری بەرهەمهێنان و ڕێکخسـتنی کێڵگە کشـــتوکاڵیەکان نییە، بەڵکو بایەخدانە بە ئاژەڵ و بەرهەمەکانی ئاژەڵ و بایەخدان بەداروەدرختیش دەگرێتەوە (الداهری،2006: 26) .

کۆمەڵگای توێژینەوە لە ئەنجامی گونجاوی بارودۆخی ئاوهەوا و بونی خاکی بەپیت و دەوڵەمەندی بە سەرچاوەکانی ئاو گونجاوترین ناوچەیە بۆ کشـتوکاڵ کردن. چونکە یەکەم گوندی کشـتوکاڵی لە جیهان گوندی چەرمۆیە، ســەر بە قەزای چەمچەماڵەو هاوســنورە لەگەڵ ناوچەی توێژینەوە، کە مێژووەکەی بۆ دەوروبەری(6500) ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە(خورشید،1992 :8).

بەروبومی کشتوکاڵی لە کۆمەڵگای توێژینەوە لەدەشتە کەناریەکانی زێی بچوك بەدرێژایی( 22 )کم دەستپێدەکات، سەبارەت بە بەروبومەکانی کشـتوکاڵ بە دوو شـێواز ئاودێری دەکرێی: دێمەکار، کە پشــت بە ئاوی باران دەبەســتێ، بەراو، کە مرۆڤ خۆی ئاوی دەدات. لە کۆندا کشـــتوکاڵکردن لە کۆمەڵگای توێژینەوە بەڕێگەی کەرەستەی سەرەتایی دەکرا، کارکردن لە زەویەکاندا پشتیان بە ئاژەڵ دەبەسـت بە مەبەسـتی کێڵان و گواسـتنەوەی دانەوێڵە بەکاردەهاتن، هەروەها سـیسـتەمی نۆرە بەنۆرەیان لە کشـــتوکاڵ کردن پەیرەو دەکرد، زەوی کێڵان بە ئامێرێك ئەنجام دەدرا پێی دەگوترا هەوجار و گاســن، لە دوای کێلان تۆکردن دەســتی پێ دەکرد، ئەوکەســەی کە ئەنجامی دەدا پێی دەگوترا (تۆدەر)، بە هۆی پارچە قوماشـێك پێی دەگوترا (بەران پیل) لە ملی دەکرد و تۆوەکەی

تێدابوو، ئەم تۆوەی بە دەســـت بەســـەر زەوییە کێڵراوەکە دەپرژاند، تاپەیدابوونی بەزارە وەك ئامێرێکی پێشـــکەوتوو بۆ تۆدان پەیرەوکرا، دوای پێگێشـــتنی بەرهەم لە رێگەی ئامێرێکەوە دەدرویێتەوە پێی دەڵێن داس، ئەو کەســەی کە دروینە دەکات پێی دەڵێن (ســەپان)، دواتر لە رێگەی ئامێری جەنجەڕ کە بەرهەمەکەی لە پووشـەکە جیادەکردەوە، قۆناغی کۆتایی لە رێگەی( شـەنەبا) بە تەواوی گەنم، یان جۆیەکەیان دەســتکەوتووە، لە کۆتاییدا دانەوێڵەکان هەڵدەگیرێن لە شــوێنێك کە پێی دەوترا چاڵ، هەروەها کایەکەش کۆدەکرایەوە وەك ئالیك بۆ ئاژەڵ بەکاردەهات، یان بۆ دروستکردنی خشت و قورکاریی بەکاریان دەهێنا، جێی باسە جوتیاران هەموو ساڵێ دەغل و دانیان نەکردووە، بەڵکو هەندێ ساڵ زەویان بە (بەیار)یان وەرد هێشتۆتەوە تا بۆ ساڵی داهاتوو بەهێز بێت بۆ چاندن (تارق،2021، چاوپێکەوتن). بەڵام لە ئێســـتادا لە ئەنجامی پێشـــکەوتنی تەکنۆلۆجیا ئامێرەکان ئاسانکارییان لە کاری کشتوکاڵ کردیە جێگای ئاژەڵیان گرتۆتەوە

لەگرنگترین ئەو بەروبومە کشـــتوکاڵییانەی کە لە کەناری زێی بچوك دەچێنرێت میوەیە، وەك ئاشـــکرایە میوە بە شـــێوە جۆربەجۆرەکانی بۆ ئادەمیزاد زۆر پێویســـتن، چونکە رێژەیەکی باش ڤیتامینیان تێدایە ئەمەش وای کردووە، کە خواســـتی زۆریی لەســـەر بێت و ڕووبەرێکی فراوانی کۆمەڵگای توێژینەوە بەم بەروبومانە دابچێندرێت، بەرهەمی باخەکان بریتییە لە دار(هەنار، هەنجیر، مێو، قەیســـی، خۆخ، هەروچکە، زیتون)بەدیدەکرێت، بەتایبەتی هەنجیر کە لە ناوچەی توێژینەوە پێدەگوترێت (زێڕی میوە). هەروەها بەروبوومی سـەوزەی هاوینەو زسـتانە، بە شـێکی زۆری زەوی کشتوکاڵ تەرخانکراوە بۆ بەرهەمهێنانی سەوزە، کە دیارترین بەروبومی سەوزەی زستانە و هاوینە و ڕووبەری داچێنراوی لە خشـــتەی ژمارە (2) بەدیاردەکەوێت، بەروبوومی خیار لە ناو ســـەوزەکانی هاوینە زۆرترین رێژە پێکدەهینێت، کە (600) دۆنمە، هەرچی فاسـۆلیاو سـەوزەوات کەمترین رێژە پێکدەهێنن کە (5)دۆنمە، زۆربەی ئەو بەروبومانەی کە بەرهەمی دێنن بەمەبەســـتی خســـتنە بازاڕە، ئەم فاکتەرەش وادەکات، کە ئەم جۆرە کشـــتوکاڵە لە نزیك شـــارەکان بکرێت، چونکە وەك ئاشـکرایە ئەم بەرهەمانە بەرگەی گواســـتنەوەی دور ناگرنە، وێرای ئەوەی کە شـــارەکان شـــوێنی ســـەرەکی بەکاربردن و ساغکردنەوەی ئەم بەرهەمانەن. لە لایەکی ترەوە بەروبومی دانەوێڵەو (دەغڵ و دان)و چـانـدنی دانـەوێـڵـەی گـەنم و جـۆو بـە دوو دانـەوێـڵـەی ســـــەرەکی ژیـانی مرۆڤ دادەنرێن، گـەنم بەرهەمێکی زســتانییە بە شــێوەیەکی فراوان لە کۆمەڵگای توێژینەوە دادەچێنرێت و پشــت بەباران

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبەســـتێت، چاندنی ئەم بەروبومە لە ناوچەی توێژینەوە لە نیوەی دووەمی تشـــرینی یەکەمەوە دەســـتپێدەکات ،ئەو بەروبومە دوابەدوای ئەم ماوەیە گەشـــەدەکات، لە ناوەڕاســـتی مانگی مایس پێدەگات و لە مانگی حوزەیران دروێنە دەکرێت، ئەم بەروبومە چەند جۆرێکی هەیە، بەڵام ئەوانەی لە ناوچەی توێژینەوە دادەچێنرێت بریتیین لە( صـــابربگ، قەندەهار، مەکســـیباڵ، ڕەشگوڵ، ئیتاڵی ،سام 6، ئەکساد)، ڕوبەرێکی فراوانی ناحیەکە بەم جۆرانە دەچێنرێت، لەبەر ئەوەی جۆرەکەی باشە و تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ بارودۆخە سروشتیەکانی ناحیەکە دەگونجێت.

ســـەبارەت بە بەروبومی جۆ، ئەویش وەك گەنم بەرهەمێکی زســـتانەیە و بە شـــێوەیەکی فراوان لە ناوچەی توێژینەوە دەچێنرێت، تەنانەت لەو ناوچانەش کە ڕادەی بارانیان کەمەو خاکەکەشـــیان کەم پیتە، چونکە وەك ئاشـــکرایە جۆ لەگەنم زیاتر بەرگەی کەم ئاوی دەگرێ لە زەوی کەم پیتش دەڕوێت، بایەخی جۆ لەوەدەردەکەوێت، کە مادەیەکی خۆراکە بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ و وەکو کەرســـتـەیەکی خاویش دەچێتە ناوپیشـــەســازیەوە، چاندنی جۆ جیاوازیەکی ئەوتۆی لەڕوی کاتی چاندنیەوە نییە، گرنگترین ئەو جۆرانەش، کە لە ناحیەکە دەچێنرێن بریتییە لە (شـەشـپەڕە، جزیرە، ئەکسـاد، غالبون، کلیبۆ)، ڕوبـەری داچێنراوی بـەروبومی گـەنم و جۆ وەك لـە خشـــتـەی ژمارە (2) بـەدیاردەکـەوێـت (وەزارەتی کشـــتوکاڵ،فەرمانگەی کشـــتوکاڵی تەق تەق زانیاری بلاونەکراوە،2020). جوتیارانیش هـەنـدێ داب و نـەریتیـان هـەبوو، لـەکـاتی دروێنـەی دانـەوێڵـەدا، گۆرانی وتن و کـاری هـەرەوەزی و هـاوکـاری، بۆنمونـە یـەکـەمین ســـواڵەی گـەنمی دوراوە دەدرا بـە یـەکـەمین ڕێبواری کـە بـە لایـانـدا تێدەپەڕێ، مەبەســـت لەمەدا ئەوەیە کە بەرەکەت بداتە بەرهەمەکەی، (خەرمان بەرەکەت) ئەوەش پەیوەندی بە بەرچاو تەنگی و تێری خاوەن خەرمانەکە بوو.

خشتەی ژمارە(2): ڕووبەری چێنراوی بەروبوومی زستانەو هاوینەی ناحیەی تەق تەق ساڵی(2020)*

| جۆری بەروبوومی زستانە | ڕووبەر بەدۆنم | جۆری بەروبوومی هاوینە | ڕووبەر بەدۆنم |
|---|---|---|---|
| گەنم | 30000 | خەیار | 600 |
| جۆ | 6500 | شوتی | 500 |
| نۆك | 30 | تەماتە | 450 |
| نیسك | 15 | لۆبیا | 600 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پیاز | 600 | گندۆرە | 300 |
| گێزەر | 60 | بیبەر | 150 |
| خاس | 100 | گولەبەرۆژە | 100 |
| پاقلە | 300 | پەتاتە | 15 |
| قەرنابیت | 15 | فاسۆلیا | 5 |
| کەلەم | 40 | سەوزەوات | 5 |
| شێلم | 200 | کونجی | 6 |
| سیر | 8 | تەرۆزی | 150 |
| سەوزەوات | 20 | کدو | 80 |
| بامیە | 500 | باینجان | 200 |
| کۆی گشتی | 38388 | کۆی گشتی | 3161 |

سەبارەت بەلایەنێکی تری کشتوکاڵ کە لە ناوچەی توێژینەوە گرنگییەکی زۆری هەیە، لە سروشتی ناوچەکە ئەویش ڕووکی سروشتیە. بۆیە ڕەوەکی سروشتی بریتییە لەم جۆرە ڕووەکانە، کە بەبێ هیچ دەستکاریەکی مرۆڤ دەڕوێن و گەشەدەکەن، جۆری ڕوپۆشی ئەم ڕووەکانەش دەگۆڕێن بە گوێرەی جیاوازی و گۆڕان لە تۆبۆگرافیاو جۆری خاك و ئاوهەوای ناوچەکە(غەفور،2000: 93).

گرنگی و بایەخی ڕوەکە سروشتیەکان مەودایەکی دوری هەیە، کە هەر لە سەرەتای بەکارهێنانی ئاگر لەلایەن مرۆڤەوە بۆ خۆگەرمکردنەوە و چێشـتلێنان بەکارهاتووە، لەڕوی ئابووریشـەوە بایەخێکی زۆریان هەیە، چ وەك سـەرچاوەیەکی وزە، بەتایبەتی لەسـەردەمی ئابلوقەی ئابووری سـەرعیراق لە سـاڵی (1991) تاکو سـاڵانی هەڵگرتنی ئەم ئابلۆقە ئابووریە، خەڵکی ناوچەکە هیچ سـەرچاوەیەکی سـوتەمەنیان بە دەسـت نەدەکەوت بۆیە پەنایان بۆ سـوتان و بڕینی ئەم جۆرە دارانە دەبرد بۆ گەرمکردنەوەی ماڵ و چێشـتلێنان، هەرچەندە کاریگەری نەرێنی بەجێهێشـت لەسـەر لە ناوچونی بەشـێکی زۆر لەو دارسـتانە سـروشـتییانە. وەلەلایەکی تر وەك لەوەڕگای ئاژەڵ بەخێوکردن، لە دوو ڕوانگەوە سودیان لێ وەردەگرت، یان بە سـەوزی بۆ مەڕوماڵاتەکانیان، یان هەڵیان دەگرت بەشـیوەی گەڵای وشـك لە زسـتاندا وەك و ئالیك بۆ ئاژەلەکانیان سـودیان لێوەردەگرت (دلشـاد، 2020، چاوپێکەوتن).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێڕای سـود لێوەرگرتنیان لە ڕووەکە سـروشـتیەکان بە تایبەتی لە وەرزی بەهار وەك سـەرچاوەیەکی خۆراکە میللیـەکانی خـەڵکی نـاوچـەکە، وەکو: ( کـەنگر، کاردی، تۆرکە، ترشـــۆکە، چـاوبـازە، بیفۆك، دۆمەلان، ڕێواس، جاترە)، هەروەها چـەنـدین جۆر داودەرمانی کوردییـان لێ دروســتکردووە و بۆ چارەسـەری زۆر نەخۆشی بەکاریانهێناوە، وەك و بارێزە و خرنوك ئەوانەی بەردی گورچیلەیان هەیە و ڕازیانە و چاوبازە و مێریەمە بۆ ئەوانەی نەخۆشـــی کۆلۆنیان هەیە، هەروەها تاڵیشـك بۆ نەخۆشـــی شـــێرپەنجە بەکاریدەهێنن، هەروەها لەســـەردەمی کۆندا وەکو گوڵاو بەکاریان دەهێنا کە هەندێ گیاوگۆڵ بەشـێوەیەکی سـروشـتی بۆنێکی خۆشـیان لێدێت، دوای وشـکردنەوەو تێکەڵکردنیان لەگەڵ هەندێ گیاوگۆڵی دیکەدا بۆدروســتکردن گوڵاو بەکاریاندەهێنا، لە گیا و گوڵە بۆندارەکان ئەمانەن (شەبۆی کێوی، حاجیلە، گیا مامزە، گوڵە خەرتەلە) ( شاهۆ،2021،چاوپێکەوتن).

ئەگەر ســـەیری ناحیەی تەق تەق بکەین، دەبینین دارســـتانە ســـروشـــتیەکان لە کەناری زێی بچوك دیمەنێکی جوانی بەو شـوێنە بەخشـیوە، کە بۆت جێگای سـەرنجڕاکێشـانی گەشـتیاران بۆ ناوچەکە، وەلە گرنگترین دارەکانی ئەم ناوچەییە بریتیین لە داری(ســنەوبەر، هەنجیرێکێوی، بەلالوك، دارچنار، کالپتوس، سەرو، مۆرد، ئەسپیندارو، داربی،پەڵك، بەڵاڵوك).

**چوارەم: ئاژەڵداری**

لە نێو کەرتی کشتوکاڵدا لە کۆمەڵگای توێژینەوە سامانی ئاژەڵ بایەخی خۆی هەیە، چونکە ڕێژەیەکی دیاریکراو لە داهاتی کشـــتوکاڵی پێکدەهێنێت، لەگەڵ ئەوەی بەروبومی ئاژەڵ خۆراکی دانیشـــتوانە، وەك ماسـت و شـیر و پەنیرو ڕۆن و گۆشـت، هەروەها وەکو کەرەسـەیەکی خاویش دەچێتە نێو زۆر پیشـــەســـازیەوە، لە خورییەکەی مافورو جاجم و و گۆرەوی و قوماشـــی لێ دروســـتدەکرێت، ســـەرچاوەیەکیشـــە بۆ بژێوی ژیانیان بە تایبەتی بۆ بازرگانی و پرکردنەوەی پێویســـتیەکانی خۆیان و قازانجێ زۆریان بۆ خاوەنەکەی هەبوو بەهۆی زاوزێ. ســـامانی ئاژەڵ لە ڕوی گرنگییەوە لە دوای بەروبومە کشـــتوکالیەکان دێت، ســـەبارەت بە کۆمەڵگای توێژینەوە تاڕادەیەکی زۆر دەوڵەمەندە بەم سـامانە، چونکە وەك ئاشـکرایە ناوچەکە بە شـێوەیەکی گشـتی لە وەرگای سـروشـتی پوش و پاوانی زۆری هەیە بە جۆرێ ژمارەی گیاندارانی ناحیەکە لە ســاڵی( 2020) نزیکەی (16985)ســـەربووە،

ئەوانیش بریتین لە (مەڕ، مانگا، بزن)، وەك لە خشـــتەی ژمارە ( 3 ) دەردەكەوێـــــــت( وەزارەتی كشتوكال،فەرمانگەی كشتوكاڵی تەق تەق زانیاری بڵاونەكراوە،2020).

گیاندارانی ناحیەكەش بە پێی مەبەســتی بەخێوكردنیان بۆ دووجۆری ســـەرەكی دابەش دەكرێن، ئەوگیاندارانەی بە مەبەستی بەروبومەكانیان بەخێودەكرێت یان ئەو گیاندارانەی بەمەبستی كاركردن بەخێودەكرێت وەك و گوێدرێژ و ئەسپ.

خشتەی ژمارە(3): ژمارەو جۆری ئاژەڵ لەسەر ئاستی ناحیەی تەق تەق(2020)

| ز | جۆری ئاژەڵ | ژمارەی ئاژەڵ |
|---|---|---|
| 1 | مەڕ | 9511 |
| 2 | بزن | 5217 |
| 3 | مانگا | 2257 |
| | كۆی گشتی | 16985 |

جگەلەوەش لە كۆمەڵگای توێژینەوە ئەو كەسەی خاوەن مەڕوماڵاتی زۆربوو، شوانی دەگرت بۆ بەخێوكردنیان، چونكە زۆرجار لەتوانای خاوەنەكەی نەبووە هەمووكارەكان بكات. بۆیە شوانكاری بەپێی فەرهەنگی ئەنترۆپۆلۆژی شێوازێكی ژیان و جۆرە ئابووریەكە لەسەرپەروەردەكردنی ئاژەڵ بەندە بۆ دابینكردنی خەرجی ژیان. گەریدە (شامیلف) شوانكاری وەك پیشەیەكی سەرەكی باسكردووە دەڵێت پەروەردەكردنی مەڕ نمونەی ژیانی ئابووری كوردە كۆچەرەكانە، مەڕ نیشانەی سامانە و مایەی ڕێز و هێزو توانست و شكۆدارییە(سەندی، 2008:      422).

زۆرجار ماوەی شوانێتی شەش مانگ بوو، مافی نوێ كردنەوەی هەبوو، ئەم كرێیە كە شوان وەریدەگرت پێی دەوترا (شەرتەشوان)، خاوەن مەڕدارەكە بۆهەر سەد مەڕ و بزن لە ماوەی ئەو شەش مانگە شەش گیسكی دەدا بە شوانەكە، بەڵام ئەگەر ژمارەی مەرو بزن زیاتر بووایە زیاتری وەردەگرت، بە پێچەوانەوەشەوە، كرێ شەش مانگ بەهارو زستان بە گیسك بوو، بەڵام كرێ شەش مانگی هاوینەو پاییز بە پارە بوو، ئەم ماڵانەی كە مەڕوماڵاتیان كەم بوویایە بۆ ئەم ژمارە كەمكە شوانیان نەدەگرت، بۆیە ئەم ماڵانە مەڕەكانی خۆیان لەگەڵ ئەم ماڵانە كە مێگەلی زۆریان هەبوو تێكەڵ دەكرد، ئەمە پێی دەوترا (ماڵچە) بەپێی سەرە ئاژەڵەكان كرێیان دەدا، كرێیەكە بۆ شوانەكە نەبوو، بەڵكو بۆ خاوەن ماڵاتە گەورەكە بوو، كرێی مانگانەی شوانەكان لە ئێستادا چوارسەد هەزار دینارە بۆ هەر مانگێك، خاوەن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەڕەکان بۆ ئەوەی مەڕەکانی تر جیاکەنەوە یان لەکاتی بزربوون تا بە ئاسانی بدۆزنەوە مەڕەکانیان ڕەنگ دەکرد یان گوییان کون یان کەرت دەکرد. کێشەی زۆر لە نێوان جوتیارو شوانکاران هەبوو، زۆرجار ئەم ناکۆکیە لەسەر ئەوە بوو کە شوانەکان ماڵاتەکەیان لە ناو زەویە کشتوکاڵیەکانی جوتیارەکان دەلەوەراند، شوانەکان گەلێك داب و نەریتیان هەبوو، وەك لە کاتی بەڕێکردنی مەروماڵات، لە دایك بوونی بەرخ، برینەوەی پەز، بۆ نموونە نەرێت باو بوو لە کاتی مەڕ زاین، رێگە نەدەدرا بە ئافرەت بچێتە لای بەرخەکە، تا چەند ڕۆژێك، چونکە بۆچوونیان وابوو ئەگەر ئافرەت بچێتە لای مەڕو مانگاکان شیریان نابێەت و زاوزێ ناکەن، بەڵام ئافرەتەکان گوێیان نەدەدا ئەم نەریتە پێش پیاوەکان ئەچونە لای بەرخەکان، ئەوەی لە کۆندا شوانەکان خەریکی شمشاڵ ژەنین بوون لای مێگەلەکانیان گۆڕا بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت و یاریکردن لەسەر مۆبایلەکانیان بۆ کات بەسەربردن (عبدالرزاق،2020، چاوپێکەوتن).

سەبارەت بە بەخێوکردنی پەلەوەر(دواجن) لە سەیرکردنی خشتەی ژمارە (4)دا دەردەکەوێت، کە پرۆژەکانی بەخێوکردنی پەلەوەری ( دایکانە) بۆ هێلکە لە ساڵی( 2020 ) لە ناحیەکە لە (4) کێڵگە پێك دێت کە توانای لە خۆگرتنی ( 85950 )مریشکیان هەبووە، ئەم پرۆژەیە تایبەتە بە بەرهەمهێنانی هێلکە بۆزۆربەی شوێنەکانی کوردستان دابین دەکات، هەروەها ژمارەی پرۆژەکانی بە خێوکردنی پەلەوەر بۆ گۆشت نزیکەی (23) هۆڵە و توانای بەرهەمهێنانی نزیکەی (250650) مریشکە لە ساڵێکدا (بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵی کۆیە،زانیاری بڵاونەکراوە،2020). جگە لەوە لە کۆمەڵگای توێژینەوە ژمارەیەکی زۆری مریشکی کوردی و قاز و مراوی و عەلەشیش هەن.

خشتەی ژمارە(4): ژمارەی پرۆژەکانی بەخێوکردنی پەلەوەری دایکانە (2020)

| ز | کێڵگەی پەلەوەر | ژمارەی پەلەوەر | هێلکەی فرۆشراو |
|---|---|---|---|
| 1 | کێڵگەی 1 | 21400 | 290000 |
| 2 | کێڵگەی 2 | 21750 | 0 |
| 3 | کێڵگەی 3 | 22000 | 0 |
| 4 | کێڵگەی 4 | 20800 | 260260 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەبارەت بە سامانی ماسی، بە هۆی بونی زێی بچوك لەکۆمەڵگای توێژینەوە، لە دوای ساڵی( 2005) بەشێکی زۆر لە زەویە کشتوکاڵیەکانیان لە بەرهەمهێنانی بەروبومی کشتوکاڵیەوە گۆڕاوە بۆ دروستکردنی حەوزی ماسی، بەپێی ئاماری حەوزی ماسی  هۆبەی کشتوکاڵی تەق تەق کە بە شێوەیەکی فەرمی تۆمەرکراو بریتییە لە ( 864  ) حەوزی ماسی کە زیاتر لە(2534 ) دۆنم لە ڕوبەری زەویە کشتوکاڵیەکانی گوندەکانی کەنارە زێیەکە  بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کراوە، هەروەك لە خشتەی ژمارە ( 5 ) ئاماژەی پێکراوە (بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کۆیە،هۆبەی ئاژەڵداری،زانیاری بڵاونەکراوە2020). ساڵانە بەهەزاران تۆن ماسی بەرهەم دێنن و دەینێرنە بازارەکانی شارەکان بۆ ساغاکردنەوەیان، سەرەڕای کارکردنی چەندین جوتیار لەو پرۆژانە کە بژێوی ژیانی چەندین خێزان دابین دەکات، هەروەها لە ئێستادا بەلایەنێکی گرنگی ئابووری و سەرکترین کارو پیشە و داهاتی ناوچەکە دادەنرێت.

خشتەی ژمارە(5): ژمارەی حەوزی ماسی بەخێوکردن لە ناحیەی تەق تەق(2020)

| شوێن | سەنتەری تەق تەق | چۆم حەیدەر | مخرس | کانی لەلە | ساتوقەلا | گرمك | شیوەجان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی حەوز | 124 | 151 | 155 | 102 | 127 | 102 | 103 | 864 |

هەروەك باسمان کرد، ئاوی زێی بچوك سودی لێوەردەگیریت بۆ لایەنی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری، جگە لەوانەش تاڕادەیەك بۆ پیشەی ڕاوەماسیش کەڵکی لێوەرگیراوە.

گەریدە تۆمابۆ پێی وابوو، لەنێو کورد دا ڕاوکردن وەك ئارەزوێکە یان وەکو پیشەیەك بووە ئەنجامیان داوە، کورد ڕاوچی بە توانا و تفەنگچی زۆر شارەزایە، ئەوەی یارمەتیدەرە بۆ شارەزایی کورد لە ڕاوکردن سروشتی کوردستانە، هەمە چەشنی ئاژەڵی توکدار و پەڕدار، وەك ورچ، گورك، ڕێوی، بەراز، کەروێشك، ئاسك، ئاژەڵی تر لە کوردستان وای کردووە حەز بە ڕاو کردن بکەن، بەهۆی هەمەچەشنی ئاژەڵەکان ڕاوەکانیش جۆراوجۆرن، وەك لەسەر ڕوباری سیروان ڕاوی مێشەسی، قازوقولْنگ، کەو و پۆر و مراوییە کێوی دەکرێت (تۆمابوا،1980: 163).

لەو ئاژەڵانەی کە کۆمەڵگای توێژینەوە گرنگی بەڕاوکردنی داون، کە پیشەیەکە لە دێرزەمانەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژمارەیەك لە دانیشتوانی ناوچەکە خەریکین، ئەویش پیشەی ڕاوەماسییە، کەهەندێکیان ژیان و گوزەرانیان لەسەر ئەم پیشەیە، هەروەها هەندێك بنەماڵە هەیە کەهەر لەکۆنەوە خەریکی ڕاوەماسی بونە و ڕاوەماسی بۆتە کاروپیشەی سەرەکییان، تەنانەت هەندێ لەو خێزانانە بۆتە نازناویان، وەك محمدی ماسی فرۆش و جلیلی ماسەیگر، ئەوش لە ئەنجامی پیشەکەیانەوە، لە گرنگترین جۆری ماسیەکانیش بریتیین لە (بزە، سورە، گورگە ماسی، هۆڵە ماسی، زەردە ماسی، مار ماسی، رەشەماسی، سپیلکە، کارب زەراعی، پانکە ماسی، قورە ماسی، پانکە ماسی، گوپەرە). ماسی بزە لە هەمویان کێشی زیاترە کە دەگاتە( 40 )کیلۆ، ڕاوکردنی ماسی لە کۆمەڵگەی توێژینەوە لە وەرزی بەهار لە ڕێککەوتی (15 ئازار تا 2 حوزیران) لە لایەن دەزگای میری قەدەغە دەکرێت، چونکە ماسیەکان لەم وەرزە گەرا دادەنێن و بەمەبەستی زاوزێکردن، ماسیش بەچەند ڕێگا و شێوازێك ڕاودەکرێت کە بریتیین لە (بەکارهێنانی تۆڕ، قولاب، ماشە، لێدانی تەزوی کارەبا، هەڵدانی قومبەلە، ماشە)،( جلیل،2021، چاوپێکەوتن ). جگە لەمانەش، لە کۆمەڵگای توێژینەوە چەندین جۆر ئاژەڵی کێوی هەیە، لە نێو دەشت و دارستان و گژوگیاو ئەشکەوت و دۆڵ و شاخە بەرزە دورە دەستەکان دەژین، جۆری ئاژەڵەکانیش دەگۆرێن و هەمە جۆر دەبێت لە بچوکەوە بۆ گەورە لە گژوگیاو خۆرەوە بۆ گۆشت خۆرەکان لە گرنگتریین جۆرەکانی ( مار، سەگ، کورەبەشە، گورگ، چەقەڵ، کەروێشك، رێوی، بەراز، سمۆرە، سیخور، ژوژك، پشیلەی کیوی،...هتد). گیانداری بەراز لە ناوچەی توێژینەوە زەرەرو زیانێکی زۆر بە بەروبومە کشتوکاڵیەکان دەگەینێت، بۆیە زۆربەی جوتیارەکان ناچارن زەویەکانیان تێلبەند بکەن، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە باڵندە کێوییەکان لەشاخ و دەشت و کەناری زێی بچوك دەبینرێن، ئەمانەش لە ڕوی قەبارە و جۆر و توانای فڕینیان جیاوازن، لە گرنگترینیان (سوسکە، پۆر، کەو، کۆتر، هەڵۆ، باشوکە، قەلەباچکە، پەڕسێلکە، ڕیشۆلە، قازوقولینگ...هتد).

**پێنجەم: چالاکی پیشەسازی و پیشەی دەستی**

پیشـە، ئەوکارەیە کە مرۆڤ بۆ بەرژەوەندییەکەی ئەنجامی دەدات، ئەم جۆرە پیشـەیە پێویسـتی بە توێژینەوەی تیۆری و ڕاهێنانی هونەری درێژخایەنە، بەڵام پیشـەی دەسـتی(الحرفة) ئەو کارەیە کە مرۆڤ پیادەی دەکات بۆ بەرژەوەندی خودی خۆی یاخود بۆ یەکێکی تر، لە پیشەی دەستیدا پێویست

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناکات تاك توێژینەوەی تیۆری و ڕاهێنانی درێژخایەنی بۆ بکرێ، تەنیا پێویستی بە ڕاهێنانی کورتخایەن هەیە، کە بەهۆی سەیرکردن لە کاری یەکتری فێری دەبن، کەواتە پیشە بەوکارانە دەگوترێت کە مرۆڤ بە شێوازێکی هونەری ئەنجامیان دەدات، هەندێ جار وشەی پیشە و وشەی کار بۆهەمان مەبەست بەکاردەهێنرێن، بەڵام وشەی پیشە زیاتر بۆ ئەو کارە دەستیانە بەکاردەبرێت کە هونەرێك لە کارکردنیاندا هەیەو بەدەست ئەنجام دەدرێت، کاتێ ئەم هونەرە پێشکەوت و گەشەی کرد و گەیشتە ئاستێکی هونەری بەرز، کە ببێتە هۆی زۆرکردنی بەرهەم و پێشکەوتنی پیشەکە، لەو کاتەدا پیشە دەبێتە پیشەسازی، پیشەسازی لە ئاستی هونەری و بەرهەمدا ئاستی لە پیشە بەرزترە (عبدالباقی،1976: 37).

پیشەی دەستی لە گوندەکاندا بە زۆری لەو پیشانە پێکدەهات کە کەرەستە خاوەکەیان لە ناوخۆی گوندەکاندا بە دەست دەکەوتن. ئەو کەرەستانەش کە دروستدەکران بە زۆری ئەوانە بوون کە بۆ ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی گوندەکان پێویست بوون. بەڵام پیشەگەرەکان لە شارەکاندا، بە پیشەی هەمەجۆرەوە خەریك بوون، بەو پیشە دەستیانەشەوە کە بۆ دەستخستنی کەرەستە سەرەتاییەکانیان پەنایان بۆ گوندەکان و شارەکانی دەوروبەریش بردووە، هەروەها پیشەگەری لە شارەکاندا مەبەستیان لە بەرهەمهێنان تەنها پڕکردنەوەی پێداویستی شارەکان نەبووە، بەڵکو کەرەستە دروستکراوەکانیان بە گوندەکان و شارەکانی تریش فرۆشتووە. پیشەسازی و پیشەی دەستی لە ناوچەی توێژینەوە دیرۆکەیەکی لە مێژینەی هەیەو دەکرێت مێژووی بونی پیشەسازی لە ناوچەکە بەتایبەتی لە ناحیەی تەق تەق  بۆ ڕابوردوێکی دور بگەڕێنینەوە، کە لەوساات و کاتەدا چەندین پیشەی دەستی بونیان هەبووە وەك (دارتاشی و چەخماخە و ئاسنگری و پێستەخۆشکردن و خەنجەرگەری و بەرگدووری و پینەدۆزی و سەبەنە و کەڵەکەوان)و وێڕای بونی پیشەسازی هاڕینی دانەوێڵە کە بەئاشی ئاوەوە بەگەڕهێندراون وەك و ئاشی کۆن، پیشەی ڕستن و چنین لەناوچەکەدا بایەخی تایبەتی هەبووە، وەك پیشەسازی دروستکردنی جاجم وبەرماڵ و شەلتە و هەگبە و رایەخ و بەڕە و مافوری هەمەجۆر، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ژیانیان زۆربەی کەل وپەل و پێداویستیەکانی خۆیان دروستیاندەکرد، تا شێستەکانی سەدەی ڕابردووش لە ناو کۆمەڵگای توێژینەوە هەرمابون و هەموشیان موڵکی تایبەت بون(وەستا رەجەب،2020، چاوپێکەوتن) . ئافرەتانی کۆمەڵگای توێژینەوە سەرەڕای کاروباری ناو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ کۆمەڵێ پیشەی تایبەتیان هەبووە وەکو: پیشەی ڕستنوچنینی( مافوور،

بەرە، بەرماڵ، کڵاو، گۆریە، بەن ، گوریس، دەســترازە) ، جگە لەوانەش کاری دوورمانی جلوبەرگی ئافرەتانیان دەکرد، کە ئێســتاش کۆمەڵی بەرگدووری ئافرەتی لێیە جلی کوردیی و ماکســیی ئافرەتان دەدورن، هــەروەهــا کــاری قومــاش فرۆشـــتنیش دەکــەن لــە گــەڵ وەردەوارەی جوانکــاری ژنــان (خەوله،2021، چاوپێکەوتن). بە پێی تێبینی توێژەر کاتی بەیانیان هەندێ ئافرەتی بەتەمەن لەســەر شۆستەکانی ناو بازاڕ دەبینرێ کاری فرۆشتنی ماست و پەنیر دەکەن کە خۆیان خاوەنی بەرهەمەکەن. بۆیە خاوەن پیشــەکان هەردەم کاریان بە بەرهەمی یەکتری دەبێت، پێداویســتییەکانی ژیانییان لەلای یەکتری تەواو دەبێت، ئەمەش بۆتە هۆکارێك کە پەیوەنییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوانیان بەردەوام بێت بەهۆی کارو پیشــەوە. هەرچەندە لە ئێســتادا ئەم جۆرە پیشــە دەســتییە میللیانە بەرەو لە ناوچوونە ڕۆیشتوونە، بە هۆی هاوەردەکردنی بەرهەمەی دەرکی، کە بە تێچووێکی ماددی و کاتی کەمتر دەگاتە دەســت خەڵکی، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەم پیشــانە مۆرکێکی فۆلکلۆری هەر پێوەدیارە وەکو ناســنامی ناساندنی شوێنەکە.

دوابەدوای ئازادکردنی ناوچەکەش لە ســاڵی (1991) ناوچەکە تاڕادەیەك لەڕوی پیشــەســازیەوە پێشــکەوتنی بەخۆوە بینیوە، بەبەراورد لەگەڵ ماوەی پێشــو بەجۆرێك دوابەدوای ئەو ســاڵە چەندین کارگەی وەك (پڕکردنەوەی غاز، بلۆکو، ئەلەمنیۆم، ڕۆن، عەلەف )لە ناوچەکە دامەزراون، هەروەکو لە خشــتــە ژمارە ( 6 ) ئاماژەی پێکراوە (بەرێوەبەرایەتی باجی کۆیە، نوســینگەی تەق تەق، ئاماری دوکانەکان، زانیاری بڵاونەکراوە،2021).

خشتەی ژمارە (6): جۆری پیشەسازی گەورە بچووك و ژمارەی کارگە لەناحیەی تەق تەق ساڵی (2021)

| ز | جۆری پیشەسازیەکان | ژمارەی کارگە |
|---|---|---|
| 1 | کارگەی بلوك | 5 |
| 2 | کارگەی ڕۆن | 1 |
| 3 | کارگەی عەلەف | 2 |
| 4 | کارگەی بەفر | 1 |
| 5 | کارگەی ئەلە منیۆم | 18 |
| کۆی گشتی | | 27 |

سەرِارەی ئەوەش کۆمەڵگای توێژینەوە پاڵاوگەی نەوتی تێدا دامەزرایە، کە بەیەکێك لە گرنگترین پیشەسازی ستراتیجی دادەنرێت، کە کاریگەری لەسەر تەواوی سیستەمەکانی تر دەبێت، کە یەکەمین کێڵگەی نەوت بوو لە کوردستان کە بەرهەمی نەوتی تێدا بەرهەمهات، سەرەتا ئەو خەڵکانەی لەم ناوچە دەژیان بە ئاودێری و کشتوکاڵ خەریك بوون بەسەر سورمانەوە باسیان لە تاڵی هەندێك لە ئاوە سروشتیەکانی ناوچەکە دەکرد، بەهۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆر لە ئاوە سروشتیەکانی ناوچەکە تاڵن بەکەڵکی خواردنەوە نایەن، کاتێك لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردو یەکەمین بیرە نەوت هەڵکەندرا لەم ناوچەیە، ئەوکات تێگەیشتن تاڵی ئاوە سروشتیەکە بۆ هەبوونی ئەو نەوتە زۆرە دەگەڕێتەوە کە لە خاکەکدا هەیە. سەرەتای بەرهەمهێنانی نەوت لە ساڵی (1958_1961)یەکەمین بیری نەوت لەو ناوچەیەدا بە قوڵی (2986)م لە لایەن کۆمپانیای نەوتی باکور(NOC) هەڵکەندرا، دواتر ژمارەیان بۆ سێ بیرە نەوت زیادی کرد، دواتر هیچیتر پەرەی بە کێڵگە نەوتیەکان نەدا لەو ناوچەیە، کێڵگەی نەوتی تەق تەق لە گوندەکانی (داربەسەری گچکە و داربەسەری گەورە و شیواشۆکی سەرو، ئیلنجاغی گەورەو ئیلینجاغی گچکە، مەرزان، تالەبانی گەورە تاڵەبانی گچکە، سماقە) پێکهاتبون، لە ساڵ( 1980 ) لە لایەن ڕژێمی پێشوی عیراقەوە چۆڵکران و دانیشتوانەکەیان ڕاپێچی ناوەندی شاری هەولێر کران، کۆی ئەو گوندانە لە کاتی دەرکردنیان نزیکەی (532) خێزانیان تێدا نیشتەجێبون، لە سالانی(1980 )تا ڕاپەرینی بەهاری( 1991 )هیچ چالاکییەك ئەنجام نەدرا لە کێڵگەی نەوتی تەق تەق، پلانی بەرهەمهێنانی نەوت بە شێوەیەکی سادەیی لە ساڵی (1994) دەستیپێکرد (فەتاح،2012: 15). لە ساڵی (2003 )حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکەم گرێبستی لەگەڵ کۆمپانیای (گینل ئینیرگی) مۆرکرد و ڕاستەخۆ دەست بەفراوانکردن و پەرەپێدانی کێڵگەی نەوتی تەق تەق کرا، لە ساڵی (2005 ) حکومەتی هەرێم گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیایی (ئەداکس)کەندی بە هاوبەشی لەگەڵ کێڵگەی نەوتی شیواشۆك لە ژێرناونیشانی (گەشەپێدانی نەوتی تەق تەق )دا کە کورتکراوەی (TTopco) کاردەکات لە پاڵ کۆمپانیە لاوەکیەکان، کە توانیان ژمارەی بیرە نەوتیەکان بۆ (35) بیرە نەوت بەرزبکەنەوە. لە ساڵی( 1994) دەستیان بەدەرهێنان وگواستنەوەی نەوت کرد، کە پشتی بەستبو بە توانای پسپۆرانی ناوخۆیی، کە توانراوە ڕۆژانە (2232)بەرمیل نەوت دەربهێنرێ، کە دەگوازرایەوە بۆ پاڵاوگەی نەوتی سلێمانی و هەردوو کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار و تاسلوجە، هەروەها بەشێکی دەگوازراوە بۆ کارگەکانی گەچ و کەرپوچی هەولێر، بەرهەمهێنانی نەوت لەو ساڵانەدا لە ئاستێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سنووردار دابوو بە هۆی نەبونی شارەزایی و ئامێری پێویست بۆدەرهێنانی نەوت، بەڵام دوا بەدوای کارکردنی کۆمپانیا بیانییەکان لە ساڵی( 2003) رێژەی بەرهەمهێنان نەوت گەیشتۆتە (95،945) ، بەڵام لە ساڵی ( 2014_-2015 )بەرهەم هێنانی نەوت گێشتە لووتکە کە رۆژانە( 148000 ) بەرمیل نەوت دەردەهێنرا، کە رۆژانە بەتانکەر دەگوازراوە بۆ بازاری ناوەخۆ، هەروەها لە رێگەی بۆرییەکی (35) ئینجیەوە دەگوازرانەوە بۆ کێڵگەی خورمەڵەو لەوێشەوە بۆ بەندەری جیهان، دواتر لە تورکیا لەڕێگەی دەریاوە دەگوازراییەوە بازاڕەکانی جیهان، بەرزبونەوەی بڕی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی نەوتی تەق تەق دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ژمارەی بیرەکان و زۆربوونی خواستی نەوت لەلایەن کۆمپانیا نەوتییەکان، بەڵام لە ئێستادا ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت ڕۆژانە دەگاتە نزیکەی (5000 بۆ 5500 ) بەرمیل، کە لە کۆی (35) بیرە نەوت تەنها (16) بیر نەوتیان تیا ماوە، بۆیە زۆربەی بیرە نەوتەکان بەرهەمی کەمیکرد، زۆربەشیان نەوتی تیا نەماوە، بەهۆی خراپ بەرهەمهێنانی نەوت لە لایەن کۆمپانیاکان و خراپ بەکارهێنانی سیاسەتی نەوت لەلایەنی پەیوەندیدار، ئەمەش لە کاتێکدا نزیکەی(200) کارمەند کاریان لەم کێڵگە نەوتیانە دەکرد (ئەندازیار کارۆخ،2021، چاوپێکەوتن). ئەم پیشەسازیە داهاتێکی باش بوو بۆ خێزانەکانی کۆمەڵگایی توێژینەوە، هەروەها پشکی شێر درابووە خەڵکی ناوچەکە بۆکارکردن بەتایبەتی لەڕووی کاری مقاولات و کۆمپانیا بچوکە ناوخۆیەکان، جموجۆڵێکی بازرگانی زۆری بە کۆمەڵگای توێژینەوە بەخشیبوو.

لەگەڵ ئەوەی داهێنراوە پیشەسازیەکان هۆکاری گۆڕانکاری قوڵن لەسەرجەم کۆمەڵگا مرۆییەکان و کۆمەڵگای توێژینەوە، بە تایبەتی لە بواری تەکنەلۆژیاو کەرستەو نەخشەو بیناسازی نوێ، بەڵام گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە شێوەی داب و نەریت و نۆرمەکان و بەهاو باوەڕەکان کەمتر گۆڕانیان بەخۆیەوە بینوە. کە لە ڕوانگای زانا(ولیم ئۆگبێرن)وە پێی دەگوترێت کەلێنی کولتووری( Cultural Lag)، واتای ئەم زاراوەیە بارودۆخێکە تێیدا توخمێکی کولتووری خێراتر لە توخمەکانی دیکە گۆڕانیان بەسەردا دێت، ئەمەش دەبێتە هۆی نەمانی تەواوکاری یاخود هاوسەنگی پرۆسەکانی گۆڕانی کولتووری و هەندێ سیمای کولتووری دوادەکەوێ، لە ئەنجامی جیاوازی باڵانسی خێرایی گۆڕاندا (neena,2011:28). بەم مانایە، ئەم تەکنەلۆژیایە نوێیە بە گۆڕانێك لە کولتووری ماددی ئەژمار دەکرێت و دەتوانێت کارئاسان بێت لە ئاوەدانی و بەرهەمهێناندا، ڕەنگە کاریگەریشی لەسەر بیروباوەڕ و سیستەمی خواردن وکۆکردنەوەی خۆراك و شێوازی جل و بەرگ و ڕێکخستنی خێزان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەبێت. کەواتە گۆڕان لە کولتووری ماددیدا دەتوانێت کاریگەر بێت بەسەر گۆڕان لە کولتووری مەعنەویدا، بەڵام گۆڕان لە کولتووری مەعنەوی درەنگتر ڕوودەدات بەبراورد لە کولتووری ماددی. ئەگەر تێبینی کۆمەڵگای توێژینەوە بکەی، بازار و کار و نەوت، بەهۆی داهێنانە تەکنەلۆژییەکانەوە بە خێرایی گەشەدەکەن، لە کاتێکدا کە دەشێ دامەزراوە پەروەردەییەکان نەتوانن پێ بە پێی گۆڕان لە بازاڕ بەرەو پێش برۆن، لە ئاکامدا دواکەوتنێکی کولتووریب ەوشێوەیە، دەشێ ئەندامانی کۆمەڵگەیەك دوچاری گرژی و گۆشەگیری و بێ ئومێدی بکاتەوە. بۆنمونە خێرای زۆربونی ژمارەی ئۆتۆمۆبیل هەم شێوەی هەم ڕێژەی، بەڵام پانایی شەقامەکە یان جادەکە بەپێی خێرای ژمارەی ئۆتۆمۆبیل ناگۆرێت و لە ئاکامدا ڕێز نەگرتن لە خەڵك و یاسا و کێشە و گرفتی دێتەپێشەوە، کە هەمویان ڕەنگدانەوەیەکە لە دیاردەی دواکەوتوی کولتوور. جگە لەمەش، لە هەموو کولتوورە نەریتی و کۆنەکاندا هەمیشە حەزو ئارەزویەك هەیە بۆ هێشتنەوەی ڕەگەزە کولتووریە کۆنەکان و ڕێگرتن لە هاتنە ناوەوەی ڕەگەزی کولتووری نوێ، تا بەمەش ڕێگە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بگرن کە پێیان وایە مانای تێکچونی کۆمەڵایەتی و هەڵوەشانەوەی شیرازەی ڕێکخستنی کۆمەڵگا دەگەیەنێت.

**شەشەم: بازرگانی**

بازرگانی بەشـێکی سـیسـتەمی ئابوورییە و ڕواڵەتێکە لە ڕواڵەتەکانی ژیانی ئابووری لەسـەر بنەمای ئاڵوگۆڕکردن دامەزراوە، گەشەسەندن و گۆڕانی کۆمەڵایەتیی و کولتووری تەنیا لە ڕێگەی دۆزینەوە و داهێنان نابێت، بەڵکو هۆکاری بڵاوبونەوە لە ڕێگەی بازرگانیکردن و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن، سەردان و گەڕانی گەشتیاران و شاندەکان، دەبێتە هۆی گواستنەوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بەشێك لە کولتوور بۆ کۆمەڵگاکانیتر (النوری،1989: 131) .

کۆمەڵگای توێژینەوە هەر لە کۆنەوە لەڕوی بازرگانیەوە بایەخێکی زۆری هەبووە، چونکە بازرگانی هۆکارێکی سـەرەکی بووە لە گەشـەو پێشـکەوتنی ئەم شـارە و بەراورد لەگەڵ چالاکییە ئابووریەکانی تر(پیشـەسـازی و کشـتوکاڵ)ڕۆڵێکی سـەرەکی تایبەتی نواندووە. چونکە شـوێنی هەڵکەوتنی ناحیەی تەق تەق هەر لە کۆنەوە لەســەر ڕێگای بازرگانی بووە و شـــوێنێکی ســـتراتیژی داگیرکردووە، کە هاوســنورە لەگەڵ شــارەکانی هەولێرو ســلێمانی و کەرکوك ،لەســەردەمی عوســمانیەکان بنکەیەکی ســەرەکی بازرگانی بووە، ناوچەکەیان کردبوە بە کاروانســەرایەکی گرنگی بازرگانیی، کە تاکە ڕێگەی

ســـەرەکی کاروان بازرگانیەکانی ئەو ناوچانە بوون، ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی کە ئەم شـــارە هەر لە کۆنەوە ئاڵوگۆر و مامەڵەکردنی لەگەڵ دراوســـێکانیدا هەبێت، بەتایبەتی لەگەڵ ناوچەی پشـــدەر و بێتوێن و بۆ ناوچەکانی کەرکوك و ناوەڕاســـتی عێراق. لەم کەل وپەل و شـــتومەکانەی کە لە تەق تەقەوە ڕەوانەی شـــارەکانی تر دەکران وەك ( توتن، ســـماق، پێســـتە ،جل وبەرگ ،خوری ،رایەخ، باوی...هتد)، ئەم کەلوپەلانە بەزۆری لە ڕێگەی (قایەغ) لە زێی بچوك دەپەڕاندەوەو بۆ شـــوێنەکانیان دەنارد. لە ئێســـتاشـــدا ئاڵوگۆری بازرگانی هەر بەردەوامە، بەروبومەکان ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت لەگەڵ ناوچەکانی کەرکوك و هەولێر و ســـلێمانی لە ڕێگای ئۆتۆمۆبیلەوە، لەگەڵ ئەوەش بوونی پردی تەق تەق کە ناوچەی توێژینەوە بە ناحیەی شـــوان دەبەســـتێتەوە کار ئاســـانیەکی زۆرە بۆ گواســـتنەوەی کـەلوپـەل لـەم ڕێگـایـەوە بۆ نـاوچـەکـانی نـاوەراســـت و بـاشـــوری عێراق دەکـات(محمود، چاوپێکەوتن،2020).

بۆیە بۆ ساغکردنەوەی ئەو کەل و پەل و بەرهەمانە پێویستییان بە بازاڕ بووە. بازاڕ ئەو شوێنەیە کە کۆمەڵێك لە کڕیارو فرۆشیار لەخۆدەگرێت و پەیوەندیەکی پتەو لە نێوانیاندا هەیە و ئاڵوگۆڕ دەکرێت بەبێ بەربەست (الجوهری،2008: 241). کـەواتـە بـازار بریتییـە لـە هـەموو ئـەو پـەیوەنـدییـە کۆمەڵایەتییانەی کە لە ئەنجامی چالاکییە ئابوریەکانی ناو کۆمەلگا پێکدێت، لە شـــوێنی بازار پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ژیانی ڕۆژانە ڕوبەڕووە و پەیوەندیەکی ئاڵوگۆڕو بەردەوامە، لە چینە جیـاوازەکـان پێکهـاتووە، وەك منـداڵ و گـەنج و پیر و خوێنـدەوار و نـەخوێنـەدەوار و دەوڵـەمـەنـدو کاربەدەست و هەژار. لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە بازاڕ کۆی دوکان و شوێن و پنتە بازرگانیەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە، کە وەکو ناوەندێکە بۆ بەیەکگەیشـــتنی دانیشـــتوانی تەق تەق و گوندەکان و شـارەکانی دەوروبەری کە ڕۆلی لە پردنەوەی پێداویستییەکاندا هەبووە. ناوچەی بازار لە کۆمەڵگای توێژینەوە کەوتۆتە ناوجەرگەی ناحیەکە، کە بەکۆنترین بازاری گشـــتی دادەنرێت، هەرچەندە هەندێ بازاری بچوکی لاوەکی هەن کە کەوتۆتە ناو گەڕەکەکانی کۆمەڵگایەکە، ســـەبارەت بەو شـــتومەك و بەرهەمانەی لە بازار مامەڵەیان پێوەکراوە، ئەوا دەبینین لە چەندین شـمەك و بەرهەمی جیاجیا لەخۆ دەگرێت، وەك لە خشـتەی ژمارە (7) ڕونکراوەتەوە، کە کۆی گشـتی ژمارەی دوکانەکان دەگاتە نزیکەی (623)دوکانە(بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش،بەشی ئای تی ،ئاماری دوکانەکان ،زانیاری بڵاونەکراوە ،2021 ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە( 7 ): ژمارەی جۆری دوکانە بازرگانییەکانی ناحیەی تەق تەق

| جۆری دوکان | ژمارە | جۆری دوکان | ژمارە |
|---|---|---|---|
| کوتاڵفرۆش بەرگدوور | 32 | مۆبایل فرۆش | 23 |
| جل و بەرگ و پێڵاوفرۆش | 18 | سەرتاشخانەو ئاریشگا | 44 |
| پەرۆگەو کتێبخانە | 15 | کەلوپەلی خۆراك | 113 |
| کاڵای بیناسازی | 14 | شیرینی و ساردەمەنی | 8 |
| نوسینگەی زەوی و خانوو | 8 | چایخانەو گازینۆ | 9 |
| ئاڵوگۆری دراو | 7 | وەرشەی چاکردنەوە | 5 |
| فەرش و بەتانی | 6 | گۆشتو مریشك فرۆش | 41 |
| چێشتخانە | 38 | تۆماری دەنگ | 6 |
| کۆمپیوتەر | 6 | ئامێری کارەبایی | 14 |
| مۆبیلیلت | 6 | دارتاشی | 10 |
| کەلوپەلی جوانکاری | 72 | نانەواخانە | 29 |
| سەوزەو میوە | 21 | شوشەوات فرۆش | 21 |
| وێنەگر | 7 | کەل و پەلی جۆراوجۆر | 3 |
| شوشتنگەی ئۆتۆمۆبیل | 7 | بەنزینخان | 6 |
| فیتەری | 9 | ئاسنگری | 10 |
| | | | |
| سەرجەم: 623 دوکان | | | |

**حەوتەم: کارکردنی فەرمانبەران لە دامودەزگا و فەرمانگەکان**

کارکردنی فەرمانبەران لە فەرمانگە حکومییەکان ئێستا بە توێژێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری سەرەکی لە کۆمەڵگای توێژینەوە دادەندرێت، بووەتە سەرچاوەیەکی داهات و گوزەران کە زۆربەیان موچەخۆرن، کە ئەمەش بۆ هەندێکیان پیشەیەکی ئاسانە لەبری کرێکاری وشوانکاری و جوتیاری لە کشتوکاڵ کردن، ئەمەش بۆتە هۆکارێکی گرنگ کە زۆربەی پیشەکانی تر فەرامۆش بکرێن و بەرو لەناوچون برۆن، بە تایبەتی پیشەی کشتوکاڵ کردن و پیشە دەستییە میللییەکان، کە ئەم جۆرە پیشانە مۆرکێکی کولتوورییان پێوەبووە، لە بەر ئەوەی ئێستا خێزان و تاك لە بری ئەوەی بەرهەمهێن بن، بونەتە خێزانی بەکاربەر. کارکردن لە دام و دەزگاو فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتییە فەرمییەکانی ناحیەی تەق

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەق نزیكەی ( 1150 ) فەرمانبەر و مامۆستا دەبێت.(بەڕیوەبەرایەتی ناحییەی تەق تەق، ئاماری فەرمانگەكان ،زانیاری بڵاونەكراوە،2021)

**هەشتەم:گەشتوگوزارو شوێنەوارەكان**

گەشتوگوزار كۆمەڵێك دیاردەو چالاكی ئابووری و كۆمەڵایەتی و شارستانی و كولتووری لەخۆ دەگرێت، كە لە ئەنجامی گۆرینی شوێنی گەشتیارەكان بۆ ماوەیەكی كاتی دێتە كایەوە، توانستە گەشتوگوزارییە سروشتییەكان بە بنەمای سەرەكی پەیدابون و گەشەكردنی گەشتوگوزار دادەنرێن هەر بۆیە بەبێ بونی ئەم توانستانە ئاسان نییە چالاكی گەشتوگوزار لە شوێنێكدا پێشبكەوێت (عومر،2009 :32). زێی بچوك یەكێكە لە سەرچاوە ئاوییە سەرەكیەكانی كۆمەڵگای توێژینەوە كە بە بنمایەكی سەرەكی خۆشگوزەرانی و گوشتوگوزار دادەنرێت، ئاوێكی زۆر شیرینە و پلەی سوێری نزیكەی(173)ملگم لە یەك لتردا، كە بۆ خواردنەوە دەشێت، هەروەها پلەی گەرمی ئاوەكانی (20) پلەی سەدەیە لە هاویندا ئەمیش بۆ مەلەكردن دەستدەدات. (نەقشبەندی ،1999: 7). كەناری زێی بچوك ناوچەیەكی سەرەكی چالاكی گشتوگوزارە كە هەڵگری كۆمەڵێك ڕوخساری جوان و سەرنجڕاكێشە، وەك پێچاوپێچی زۆر كە بەهۆی كەم لێژی و سروشتی تاوێرە بەردەكان و هەڵكەوتنیانەوە دروستبون ، هەروەها بوونی هەندێك دار و درەخت و گیانەوەری ئاوی لە كەنارەكان و هەندێ شوێنی نێو ڕوبارەكە، هەربۆیە بۆ كۆمەڵێك چالاكی گەشتوگوزار گونجاوە وەك، (یارەكانی سەوڵ لێدان و گەڕان بەناو ئاودا بە ماتۆرسكیلی تایبەت و بەلەمی بچوك و مەلەكردن)، هەروەها بەكارهێنانی هەندێ شوێنی تایبەت بەڕاوەماسی كە خەسڵەتەكانی لەخۆگرتنی ماسیان تێدایە. چەندین شوێنی گەشتیاری تێدایە كە ساڵانە ڕێژەیەكی زۆری گەشتیاران لە هەرێمی كوردستان و پارێزگاكانی ناوەڕاسی عێراق ڕوو لەو شوێنانە دەكەن بە مەبەستی چێژوەرگرتن و حەوانەوەو یاریكردن و وەرزشە ئاوییەكان و كات بەسەربردن. گرنگترین ئەو شوێنە گەشتوگوزارییانە: (كۆمەڵگەی گەشتیاری تەق تەق لە ساڵی (1998) دروستكراوە كە گازینۆیەك و مۆتێلێك لەخۆ دەگرێت، پاركی گەشتیاری تەق تەق لە ساڵی ( 2010) دروستكراوە، كۆمەڵگەی گەشتیاری سایە لە ساڵی (2004) دروستكراوە كە چەندین كەپر لەخۆ دەگرێت هەروەها لەگەڵ چەندین یاری ،كۆمەڵگەی گشتیاری مەهناز لە ساڵی (2018) دروستكراوە كە

مەلەوانگە و کەپر و چێشتخانە لە خۆدەگرێت(چاوپێکەوتن لەگەڵ ئسماعیل،2020،بەرێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری کۆیە،زانیاری بڵاونەکراوە).

لەلایەکیتر دیاردە مێژوویی و شارستانییەکان خاوەنی هێزی ڕاکێشانی تایبەتن لەلای بەشێکی زۆری گەشتیاران، ئەم دیاردە مێژوویی و شارستانییانە بریتیین لە شوێنە مێژووییەکان و ناوچە شوێنەوارییەکان، کە بە توخمێکی ماددی زیندو دادەنرێت.

بۆیە شوێنەوار بەناوچەی دەوڵەمەند و سەرچاوەی مێژووی دادەندرێت، کە لە ڕابردوی خۆی و گەلانی تر شارەزا بێت و چێژ لە ناسین و چۆنیەتی هەڵسوکەوت و کولتوور و دیمەنی شوێنەکان و باری پێشکەوتن و ڕابردوی بیناسازی و ئەندازیاری وەربگرێت، لەبەر ئەوە زۆر لە گەشتیاران سەردانی ئەو ناوچانە بەپەسند دەزانن، کە روخسارێکی شوێنەواری و مێژوویيان هەبێت (الحديثی،2002 :326).

بۆ دەرخستنی گرنگی مێژووی و شوێنەوارییەکانی ناحیەی تەق تەق و کاریگەریەکانی بەسەر پێشکەوتنی گەشت وگوزاری لەناوچەکە و هەرێمی کوردستاندا، لێرەدا ئاماژە بەچەند شوێنەوارێکی ناوچەی توێژینەوە دەکەین، کە ئەگەر بایەخی تایبەتیان پێبدرێت، دەبن بە بنەمایەکی گەشتوگوزاری گرنگ لە ناوچەکەدا. گرنگترین ئەم شوێنەوارە مێژووییانەش بریتین لە شوێنەواری ( ساتوقەڵا ) پاشماوەکانی ئەم  شوێنەوارە وەك ئەوەی لە سەرچاوەکاندا هاتووە بەڵگەی کۆنی و پێشکەوتنی شارستانییەتی ناوچەکەن، پاشماوەکانی ئەم شوێنەوارە ئەمرۆ بەگردێکی گەورە بەرچاو دەکەون کە درێژیەکەی 100م و پانیەکەی 50م و بەرزیەکەشی زیاتر لە 15م، کۆمەڵێ خشتی لێدۆزراوە کە بە خەتی بزماری لەسەریان نوسرابو، کە بۆ نزیکەی چوارهەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەرێتەوە، بۆیە دیاردە مێژوویی و شارستانیەکان خاوەنی هێزی ڕاکیشانی تایبەتن لەلای بەشێکی زۆرگەشتیاران، کە بە توخمێکی هەرە زیندو دادەنرێت، جگە لە گشتیارانی ناوەخۆ گەشتیارانی دەرەوەی وڵاتیش سەردانی ئەو ناوچەیە دەکەن، بە تایبەتی چەندین زانکۆی ئەلمانی و دانیمارکی و هۆلەندی توێژینەوەی زانستی زۆریان  لەسەر ئەم شوێنەوارە کردووە ، بە هاوکاری بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری کۆیەو زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی ئاداب بەشی شوێنەوار (هێمن،2020،چاوپێکەوتن) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

### یەکەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە

1. گۆڕانکاری لە یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵیی، تایبەت بە دابەشکردنی زەوی و خاوەنداریەتی موڵکایەتی زەوی، ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دەست نیشانکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی، بەمەش جێگیربونی جوتیارەکان و بون بە خاوەن موڵکی خۆیان بۆکارکردن لە چالاکییە کشتوکاڵیەکان، لە بری کارکردنیان بە سەپان و سەرکار.
2. کارکردن لە کشتوکاڵکردن و ئاژەڵ بەخێوکردن گۆڕا بۆ کارکردن وەك فەرمانبەر لە دامودەزگای میری کە بە توێژێکی سەرەکی ئابووری شارەکە دادەنرێت، کە زۆرترین خەڵك وەك فەرمانبەر کار دەکات. چونکە جوتیارەکان بەروبومی کشتوکاڵیان لە کاتی بەرهەمهێناندا بۆ ساغ نابێتەوەو توشی زەرەو بێکاری دەبن.
3. بە هۆی بونی ئاوی زێی بچوك دانیشتوانی ناوچەکە لە بری کشتوکاڵکردن و ڕاگرتنی ئاژەڵ، ڕێگەی بەخێوکردنی سامانی ماسیان گرتۆتەبەر، کە ژمارەی حەوزی بەخیوکردنی ماسی گێشتۆتە نزیکەی (864) حەوز. بۆیە ئەو زەویانەی کە پێشتر بۆ کشتوکاڵ بەکاردەهاتن ئێستا بۆ کاری بەخێوکردن ماسی بەکار دێت، کە سامان وداهاتێکی زۆری بۆ خەڵکی ناوچەکە هەیە.
4. هاوینەهەوار و شوێنە گەشتیارییەکانی ناوچەی توێژینەوە کە باشترین توانستی ئابووری و مرۆییان بە ناوچەکە بەخشیوە پێشتر وەك شوێنێکی ئاسایی سەیردەکران، لە ئێستادا وەك لایەنێکی گەشتوگوزار و بازرگانی سەیر دەکرێن بوژانەوەیەکی ئابووری زۆری لە ناوچەکە دروست کردووە و بۆتە هۆی سەرهەڵدانی لایەنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە گەڵ ناوچەکانی تر، بەهۆی سەردانکردنی گەشتیارەکان.
5. پیشە و کاری دەستی لە ناوچەی توێژینەوە دیرۆکەیەکی لە مێژینەی هەیەو کە سەرچاوەی ژیان و بژێوی چەندین خێزانی ناوچەکە بووە، بەڵام لە ئێستادا خەڵکی ئەو خولیای جارانیان نەماوە، چونکە کارگەکان شوێنی پیشە دەستیەکانیان گرتۆتەوە.
6. بازرگانی پیشەسازی نەوت کە بەلایەنێکی ستراتیجی ئابووری ناوچەکە دادەنرێت، کە لە ساڵانی (2015_2014) ڕۆژانە (178720)بەرمیل نەوت دەردەهێنرا، بەڵام لە ئیستادا ئەو ڕێژەیە بۆ

نزیکەی (8000)بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەم بۆتەوە و خەریکە بیرەکان وشـــك دەبێت و بۆیە ڕێژەیەکی زۆریی لە کرێکارەکانیان دەرکردووە بە هۆی نەبونی داهاتی پێویســـت، کە کاریگەری لەسەر لایەنی ئابووری دانیشتوانی ناوچەکەی کردووە.

7. ناوچە شـــوێنەوارەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە کە مێژوویەکی کۆنیان هەیە، هیچ گرنگیەکی ئەوتۆیان پێنەدراوە، ســـەرەرای ســـەردانی زۆربەی شـــوێنەوارناس و بەشـــەکانی زانکۆکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان بۆکاری توێژینەوە بۆ ئەو ناوچەیە.

**دووەم: ڕاسپاردەو پێشنیارەکانی توێژینەوە**

1. توێژینەوەی هاوشێوە لە شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی زانستی لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیا ئەنجام بدرێت، وەکو ئەرکێکی نیشتمانی.
2. پێویستە زیاتر گرنگی بە توێژینەوەی زانستی لەبواری بونیادی کۆمەڵگاکان بدرێت، بە جۆرێك دامودەزگا حکومییەکان سود لەو توێژینەوانە وەربگرن، بە ئاراستەیەك کە کەموکورپیەکان بزانن و بە میکانیزمێکی زانستی پلان دابرێژن بۆ چارەسەرکردنیان.
3. داوا لە وزارەتی گشت وگوزار دەکەین زیاتر گرنگی بەلایەنی کەرتی گەشتیاری لە ناوچکە بدات و کارئاسانیان بۆ بکەن بەتایبەتی لەبنیادنانی کۆمەڵگای گەشتیاری .
4. داوا لەوزارەتی سامانە سروشتیەکان دەکەین بەدوا داچونێك بۆ هۆکاری وشك بوونی بیرە نەوتەکانی شیواشۆك بکات، کە کۆمپانیای بیانییەکان کاریی تێدادەکەن.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان**


1. تۆمابوا(1980)، ژیانی کوردەواری، وەرگێرانی حمەسعید حمەکریم،چاپخانەی زانکۆ،سلێمانی
2. سندی، بەدرخان(2008)، کۆمەڵگای کوردی لە دیدی ڕۆژهەلاتناسیدا، چاپخانەی خانی، دهۆك.
3. عومەر، لوقمان وسو(2009)، بنەماکانی جوگرافیای گشت و گوزار، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
4. الغزوی، فهمی سلیم(2020)، دەروازەی کۆمەڵناسی، وەرگێرانی توانا فریدون، چاپخانەی مێخەك، سلێمانی.
5. غەفور، عبدالله(2000)، جوگرافیای کوردستان، چاپخانەی کوردستان، چ2، هەولێر.
6. فەتاح، ڕێبین(2012)، سامانەسروشتیەکانی کێڵگەی تەق تەق، چاپخانەی ماردین، هەولێر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2. دووەم: سەرچاوە عرەبیەکان**

3. ابوزید، احمد(1979)، البناء الاجتماعی مدخل لدراسه المجتمع، الانساق، ج2، ط3، الهیئة المصریة العامة للکتاب، الاسکندریة.
4. الجوهری، محمد(2008)، المفاهیم الاساسیة فی الانثرۆبولوجیا، دار المجلس الاعلی للثقافة، القاهرة.
5. خورشید، فؤاد حمه(1992)، القریة الکردیة_دراسة فی بعض خصائصها الجغرافیة، العراق.
6. الداهری، عبدالوهاب مطر(2006)، الاستمار فی المزارع والانتاج الحیوانی ،الاسکندریه.
7. عبدالباقی، زیدان(1976)، علم الاجتماع المهنی، دار الفکر العربی، مطبعة السعادة.
8. حمەصالح، عیزەت فەتاح(2006)، هەورەمان- توێژینەوەیەکی سۆسیۆئەنترۆپۆلۆژی، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.
9. النوری، قیس(1989)،الانترۆبولوجیا الاقتصادیه، وزاره التعلیم العالی والبحث العلمی ، مطابع الموصل.
10. الهرزانی، د.نوری یاسین(2007)، الکاکیة، دراسة انثروبولوجیة للحیاة الاجتماعیة، المطبعة، ئاراس، أربیل.

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزیەکان**

11. Firth,Raymond,1960,Human Types an introduction to social anthropology, Reviewed ,London
12. Neena ,Dr. Sara, 2011. Social Anthropology, Calicut University P.O. Malapuram, Kerala, India.

**چوارەم :گۆڤارەکان**

13. الحدیثی، محفوض صالح(2002)، المدن الحضاریة واثرها فی تطور حرکة السیاحة الثقافیة فی العراق، مجلة أداب المستنصریة، العدد،(40).
14. نەقشبەندی، ئازاد(1999)، بایەخی گەشتوگوزاری سامانی ئاوی کوردستانی عیراق، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(13)، هەولێر.

**پێنجەم: چاپەمەنی و نوسراوە حکومیەکان:**

15. بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کۆیە،فەرمانگەی تەق تەق،ڕووبەری زەوی وزار ،زانیاری بڵاونەکراوە(2020)
16. وەزارەتی کشتوکال،فەرمانگەی کشتوکاڵی تەق تەق، بەروبوومی زستانە و هاوینە، زانیاری بڵاونەکراوە،(2020).
17. وەزارەتی کشتوکال،فەرمانگەی کشتوکاڵی تەق تەق،ئاماری ئاژەڵ، زانیاری بڵاونەکراوە، (2020).
18. بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵی کۆیە،زانیاری بڵاونەکراوە،(2020).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

19. بەرێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کۆیە، هۆبەی ئاژەڵداری، ژمارەی حەوزی ماسی، زانیاری بڵاونەکراوە،(2020).
20. بەرێوەبەرایەتی باجی کۆیە،نوسینگەی تەق تەق،ئاماری دوکانەکان، زانیاری بڵاونەکراوە،(2021).
21. بەرێوەبەرایەتی ئاسایش،بەشی ئای تی ،ئاماری دوکانەکان ،زانیاری بڵاونەکراوە ،( 2021 ).
22. بەریوەبەرایەتی ناحییەی تەق تەق، ئاماری فەرمانبەران ،زانیاری بڵاونەکراوە،(2021).
شەشەم: چاوپێکەوتنەکان
23. ئسماعیل عبداللە ،(2020/11/10)، بەرێوەبەری گەشتوگوزاری کۆیە.
24. دلشاد علی محمد، (2020 /10/28) ئەندازیاری کشتوکاڵ.
25. هێمن نعمان، (2020 /10/28) شوێنەوارناس،لە فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە.
26. عبدالرزاق سابیر سمایل ،(2021/2/1) پیشەی شوان.
27. محمود احمد ،(2021/2/1) پیشەی جوتیار.
28. ڕەجەب نجار ،(2021/5/1) پیشەی وەستای دارتاش.
29. تارق حمد علی، (2021/1/2) خاوەن ڕەزوباغ.
30. شاهۆ علی محمود، (2021/2/2)، پیشەی فرۆشتنی دەرمانی گیایی.
31. جلیل حمید علی ،(2021/1/5)، پیشەی ماسی فرۆش.
32. خەولە جوهەر احمد( 2021/1/8).پیشەی بەرگدووری ئافرەتان.
33. کارۆخ زیاد سێگردکانی(2021/4/4)، ئەندازیار لە کۆمپانیای نەوتی شیواشۆك.

# Economic System of Taq Taq Township
## A Field Anthropology Research

**Lect. Alan salah saadi**
Department of Sociology, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
alan.salah@koyauniversity.org

**Asst. Prof. Dr. Noori yassin harzani**
Ministry of Higher Education and Scientific Research in Kurdistan Region, Iraq
noori.harzani@gmail.com

**Keywords**: *Anthropology, Social structure, Economic system, Culture, Social system*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Abstract**:
Economic system signifies all the organized status, procedures and plans that associates with the process of production, service, distribution, and consumption by the society members within a certain social framework. Economic system is a part of social systems of society within the structure of social foundation. This field is an essential part of social anthropology. Taqtaq sub-district is recognized by a multi-dimensional and a generalized economy due to its geographical location. This study covers all the economic activities that have a great influence the inhabitants' social life. The study aims at illustrating the social life of Taqtaq society, statin all the economic changes in the structure of society, and revealing the problems in the economic system of the society. This study adopts a qualitative anthropological approach conducted in the center of Taqtaq Sub-district with the use of anthropological field method based on the constructional functional theory. In the process of data collection, this study makes use of many tools including observation, direct participation in the field of research, interview, reporter, formal, records, data and documents.
Based on the collected data on the economic system of this town, we can conclude that the majority of the Taqtaq inhabitants prefer to work for governmental sectors, but due to the consequences of economic crises, and the stop of hiring process by government, the majority of its inhabitants work in agriculture, fish farming and trade. Moreover, the existence of Little Zab River in Taqtaq leads to the flourishing of tourism sector in the area. However, the decrease of oil production amount from 148000 to 5000 in Taqtaq's oil field has changed the economic system and the nature of social relations in the examined field.

## النظام الإقتصادي في ناحية طق طق
## دراسة الأنثروبولوجية ميدانية

**ملخص**:
النظام الإقتصادي يسلط الضوء على كافة الإجراءات والطرق والخطط التي تستخدم من قبل أفراد المجتمع والتي تقصد الاستثمار والخدمات والإنتاج والتوزيع والاستهلاك في إطار إجتماعي محدد. وهذا النظام جزء من النظام

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6558 (Print) - ISSN 2518-6566 (Online)


الإجتماعي العام, وهذه الدراسة إنثروبولوجية إجتماعية تهتم بإقتصاد مدينة طق طق التي تحتوي على إقتصاد متنوع متحد, وذلك بسبب موقعها الجغرافي المناسب التي أدت إلى هذا التنوع وبالتالي تأثرت على الجانب الإجتماعي فيها.

تهدف الدراسة إلى الكشف عن طبيعة الحياة الإجتماعية لسكان مدينة طق طق، مع التغيرات الإقتصادية التي حدثت في بنية هذا المجتمع, إضافة إلى عرض المشكلات الإقتصادية في هذا المجتمع.

تعتمد هذه الدراسة بالمنهج الإنثروبولوجي الميداني القائم على النظرية البنائية الوظيفية, وذلك باستخدام وسائل جمع المعلومات كالملاحظة بالمشاركة و الملاحظة المباشرة و المقابلة و المخبر و السجلات والبيانات الوثائق الرسمية.

لقد وصلت هذه الدراسة عدد من الاستنتجات العلمية وهي : الكثير من أفراد مجتمع الدراسة يرغبون في العمل في الدوائر الحكومية, ولكن بسبب عدم التعينات الرسمية، لجأ سكان هذه المنطقة إلى التجارة والزراعة وبناء حقول السمك. على رغم إنشغالهم بالسياحة بسبب وجود الزاب الصغير في فصول السنة. إضافة إلى ذلك ينشغل سكان هذه المنطقة في حقل (شيواشوك) النفطية على رغم إنخفاض إنتاج النفط في آبارها حيث قلّ (5000) برميل في اليوم من العدد الإجمالي (148000) برميل يوميا, كل ذلك أدى إلى تغير النظام الاقتصادي وطبيعة العلاقات الاجتماعية في موقع هذه الدراسة.